بەیانی

ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

١- کردنەوەی یەکەی (**ڕادەستکردن و داواکردنی تۆمەتباران و تاوانباران**) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دیوانی وەزارەتی داد تایبەت بەو تاوانبارانەی دەکەونە ژێر ئەحکامی بەشی دووەم لە یاسای (**بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو**) .

٢- ئەم بەیانە لەڕۆژ دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

فەرسەت أحمد عبدالله
وەزیری داد

بەیانی

ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (١٢/ یەکەم) لە یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

١- کردنەوەی (**دادگای کارگێڕی لە پارێزگای دهۆک**) .

٢- ئەم بەیانە لەڕۆژ دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

فەرسەت أحمد عبدالله
وەزیری داد